# هاتووم تێکەڵ بە تۆفانی تۆ بم



Kazmkader72@yahoo.com

ئەی بێحەوسەڵەترین پیاوی دونیا..ئەو هەموو نائومێدییەت لە کوێ بوو..!
زەحمەت نەبێت پێکێکم لەو زەریایە بەرێ،با لەم شادییە درۆیە ڕەهابم
تەنها یەک قومم بەرێ..با ئێرەیی نەمکوژێت
ئاخر ئێرەیی دەمکوژێت،تۆ لە زەریای عەبەستدا باڵەوباڵ سەوڵ لێدەیت و
من لە نێو ئەم شادییە پیسەدا قوڵپ قوڵپ بڕشێمەوە...!
تۆ لە یاخی بوونتدا بە سەر ئەم چاخی زەلکاوەدا لە باڵ دەیت و بڕۆی..
بڕۆی بۆ سەر ئەستێرەیەکی دی و بۆ سەر شانۆیەکی دی و لەوێ سەمایەکی دی بەکەیت
لەوێ شادییەکی دی بژیت..بڕۆیت و ڕەها لە زنجیرو تەوقەکانی ئەم ئازادییە ساختەیە!

دەخوازم پێکێک لەو ژەهرە بخۆمەوە
من کە مەستی ئەم تلیاکە نەبم
من کە داشێک نەبم لە گەمەیە
بێباکم..با هیچ ئومێدێکی درۆم نەبێت.

دڵۆپێک لەو زەریایەم بەرێ،با شەجەرەم بچێتەوە سەر تۆ
با تێکەڵ بە تۆفانی تۆبم
ئەو تۆفانەی نیازێکی لەم سفرەی تاعونەدا نییە
ئەو تۆفانەی نیازی تەنها ڕامالینە..ڕامالین..

چۆڕێک لەو قەسیدەی نەفرەتەم پێببەخشە
با لە ڕیتوالی ئەم شارە حەشیش کێشە ڕەهابم
چوون دەزانم ئەم شارە کەڕنەڤالی ئەم شادییە ساختەیە دەیکوژێت و
چوون دەزانم..تەرەبوونی تۆ بێجگەی دووباڵ بۆ فڕینێکی ناکۆتا چیتر نییە
غەریبیی تۆ هەڵهاتن بوو لەم زەلکاوە
هەڵهاتن بوو لە ڕەشبەڵەکی ئەو خێڵەی

له سەر کەلاکی یەکتر شادی دەکەن
له کاسەی سەری یەکتریدا پێکی تلیاکی سەرکەوتنیان دەخۆنەوە
تۆ کە خەنجەرەکانی سەرکەوتنت دەبینی
سەری ئەو ڕمانەی خوێنیان لە بار دەچوو
ئەو جەنگانەی خوێنیان لە بار دەچوو
ئەو جەنگاوەرانەی خوێنیان لە بار دەچوو...
نەتدەتوانی باوەڕ نەکەی..ئەم وازییە چ دۆڕانێکی گەورەیە
تۆ کە ئەم ڕۆژی حەشرەت دەبینی
کە دۆزەخی دۆڕان و سەرکەوتنەکانت دەبینی
چیت بکردایە تاکو فەنا نەبوویتایە!

تۆ هیچت لەم کاسەی تاعونەدا نەبوو..نا
وەک خەڵکی بیابان و ڕەشەبا بیت
تەنها لم لە دەستەکانت دەڕژاو
تەنها لم لە ڕۆخسارت دەڕژاو
تەنها لم..لم..لە پێڵاوەکانت هاژەی دەهات
وەک میوانی سەر ئەم سفرەی ژەهرە نەبیت
بۆنی گوڵ و دارستانت دەهات
بۆنی کێڵگەو نانی گەرم لە دەست و پەنجە گەرمەکانت
ڕۆخسارت زەریای میهرو هەتاو.

دەتگوت لە سەر ئەستێرەی نوورەوە دابەزیوی
تۆ ئەزیزم ئەی ڕوناکیی..
تۆ بۆنی ڕاستەقینەی مرۆڤت لێدەهات
چاوەکانت پڕبوون لە پشکۆو ژیلەمۆی دڵنیایی
هاتووم بە هاوڕێیەتیم قاییل بیت..
تۆ ئەی کڵپەی ئاگر
ئەی بورکان..
ئەی ئێش و ژانی ئەم ئەستێرەیە لە نێو کاسەی سەرتدا
ئەی تەقینەوەی مەزن هەر ڕۆژەو لە سوچێکی دڵی ئەم زەمینە غەمگین و پەرێشانەدا
تۆ ئەی ڕۆخساری تاڵ و ڕەشی ئەم چاخە شەوەزەنگە
تامی تاڵ و سیمای ڕەشی هەژاریی لە ژەهر دەچێت
ئەو دەستانەی هەمیشە پڕن لە کولێرەو نانی گەرم
بۆ کوچەو کۆڵانە برسی و دۆزەخییەکانی شار.

من دەخوازم وەک تۆ غەمگین بم،وەک تۆ بیابانگەڕ
چ دەبێت وەک تۆ خۆڵ لە ڕۆخسارم بخشێت و
خۆڵ لە دەستم بڕژێت و
خۆڵ..خۆڵ..پێڵاوەکانم پڕ بکات
بۆچی نا ئەی خۆرەتاو..

که من هاژەم دێت لە عەشقی ڕەهابوون
که من بروسکەم دێت لە پچڕانی زنجیر
لرفەم دێت وەک ئەو پیرە کەشتییە پرچ سپییە
بە نێو چەتەکانی زەریادا گەنم بۆ دورگەیەکی برسی دەبات
بۆچی نا..کە من هەرگیز بەم باڵە کورتانەوە ڕانەهاتم بفڕم
چ بکەم کە نەمتوانی باوەڕ بە جوانی و حەقیقەتی هیچ دیوارێک بکەم
نە دەستم لە چنینی نەخشە دۆزەخییەکانی زەریاو زەمین و ئاسماندا هەبوو
نە لە چەقاندنی ئاڵایەکدا کە سنور بۆ فڕینی نەورەسەکان دیاری دەکات.

دەخوازم وەک تۆ تەنها بم..وەک تۆ غەریب
وەک تۆ..ئەو وێڵگەڕەی بە بیابانەکانی موستەحیلدا وێڵە
تۆ..وەک ئەو عاشقەی بە دوای عەشقی موستەحیلدا
سەری بە تاشە بەردی ئاگریندا دەکێشێت
(حەقتە نێوت بنێم بیابانگەڕ..خەڵکی وڵاتی بیابان..مرۆڤی خۆڵ و ڕەشەبا)
تۆ کە هیچ ئارەزوویەکت لەم کاسەی تلیاکەدا نییە
حەقتە نێوت بنێم نەوەی مرۆڤ
تۆ جەوهەری ڕاستەقینەی مرۆڤیت..
ئەی شەپۆل کە خۆت بە کەنارەکانی مەرگدا دەدەیت
کە کەشتییەکانی جەنگ و دوکەڵ و باروت وێران دەکەیت..
دوورگەکانی زیندان نغرۆ دەکەیت.

تۆ ئەی بەندەری حەقیقەت..
ئەو کەشتییەی نەخشەی هیچ سنورێکت نییە
کە نەخشەکەت لە بەر پێی منداڵێکدا تووڕ هەڵدا میزی دەکرد
کەشتی بێپەرچەم کە ئاڵاکەت لە ئاودەستێکدا بەجێهێشت
لە گەوڕێکدا فڕێتدا..نغرۆی میزو تەرس و تەپاڵە بوو
تۆ ئەی کەشتی بێپەرچەم و نەخشەی دیلێتیی
(خەونی مەزنی سەرمەدیی من)
کەشتی پڕ لە گەنم بۆ کێڵگەو دوورگەی کێشوەرەکانی برسێتیی
تۆ ئەی کێڵگەو دەشتایی بێسنوری گەنم
تروسکەو مژدەی نانی گەرم بۆ منداڵێک
لە بەر دەرکەو لە بازاڕی فرۆشیدا
بۆنی نانی گەرم دەکات و تامی ژەهراوی برسێتیی دەیژاکێنێت
تۆ ئەی جەوهەری ڕەهابوون ڕۆژێک دادێت دوات دەکەوین
لەنێو لەپی دەستە گەرمەکانتدا
ڕۆحی شەکەت و کەنەفتەمان لە ڕوناکیی هەڵدەکێشین
لە ئاوێنەی ڕۆخسارتدا وێنەی تەڵخمان
لە چاوتدا دوا قریشکەو گەشانەوە.

ئەی دواهەمین قەسیدەی زیندەگی..

**که من پارچەیەکت بە گۆرانی و سرود دەکەم**
**دڵۆپێکت لە سەر تاشەبەردێکی ئاگرین دەنوسم و وەک دواهەمین پیرۆزەیی**
**وەک دواهەمین ملوانکەیەک..**
**شتێک کە منی بێحەوسەڵە قاییل دەکات**
**لە گەردنی دەروازەی شاری دەدەم**
**ئەی ئەو قسیدەیەی گوێم لە ناڵەو قریشکەتە**
**ڕۆژێک ژیان دەمەت پێوە دەنێت..**
**ڕۆژێک دەم دەنێین بە گەروتەوە**
**ئەی شمشاڵی ئەڤین کە لە دونیایەکی ترەوە چریکەت دێت**
**کە لە بەرزاییەکانەوە دەقیژێنیت**
**مەحکومین..هەر دەبێت دەم بنێین بە فوارەی ئاوازتەوە.**

**تۆ ئەی سەرزەمینی بێپەرچەم و سنور بۆ ڕەهابوون**
**پێم بێژە ئەو باڵە زەمین پۆشانەت بۆ فڕین لە کوێ بوو**
**دەتەوێت لە کوێی ئەم زەمینە زنجیر ڕێژەدا بە ڕەهایی فڕین بگەیت**
**لە کوێی ئەم چاخە کوێرەدا..لە کام سوچی ئەم سەرزەمینە کۆیلەیەدا لە باڵ بدەیت!**

**دەزانم ئەزیزم دەزانم..**
**تۆ دبێژیت ئاڵای ڕەشیان بۆ خۆیان و باڵەکانم بۆ خۆم**
**دیواری(چین)یان بۆ خۆیان و باڵەکانت بۆ خۆت.**

**تۆ...لە نێوەڕاستی شاردا خودات کوشت..شکۆی خودات بە چۆکدا هێنا**
**لە نێو ئاپۆرەی زیکرەکاندا قاقا پێدەکەنیت**
**قاقای تۆ هەرەسی بە خودا هێنا.**

**تۆ..هەمیشە قاقا دەگریایت**
**هەمیشە..هۆن هۆن پێدەکەنیت.**

**تۆ عاشقترین پیاوی دونیا بووی**
**چونکە هەرگیز دڵدارێکت نەبوو**
**چونکە هەرگیز ڕێت نەدەکەوتە کوچەوبازاڕەکانی عەشق**
**تۆ هەمیشە تەنها بووی..تەنها**
**تەنها غەریبیی لە ڕۆخسارت دەرژاو**
**تەنها ئاسەواری پیاسەی غەمگینی غەریبێک**
**لە شوێنپێی پێڵاوەکانت بەجێ دەما**
**تۆ لەو شاعیرە شیعر نوسانە نەبوویت**
**(شاعیرانی ئەهلی بازاڕ..دەڵاڵانی عەشق و شیعرو خۆشەویستی)**
**لە بازاڕدا عەشق بکەیت،لە بازاڕدا بە دوای نرخی خۆشەویستیدا بگەڕێیت**
**تۆ کە بە بازاڕدا دەڕۆیشتی دەستت دەخستە سەر لوتت**
**دەتگوت ئێرە سەرزەمینی تاعونە..تاعون**

ئێرە دراوسێی دۆزەخە..دۆزەخ
بە نرکەوە دەتگوت:(وەک نرکەنرکی برینێک لە بندەستی مەرگدا)
خودایە ئەم کوێر خانەیەت بۆچییە
ئەم ئەهلی دۆزەخە..ئەم پارچەیەی دۆزەخ بۆچی لێرە..!

من چیتر بەم تەوقانەوە سەما ناکەم
بەو مێخانەوە لە سەر لەپی دەستم چەقێنراوە،دەست گوشین چ مانایەکی هەیە
ئاشتی و ئێوارە باشی چی کە خوێن لە پەنجەکانم بڕژێت
ئازادی چی..هێشتا کەسێک هەبێت خاچ و مێخەکانی دروست بکات..!

وەک مەسیح پڕم لە عەسقی فەنابوون
(مەسیح)ێک ڕەگی دەچێتەوە سەر بورکان و نوور..
(مەسیح)ێک لە مێژە جەستەی موتوربەی بزمارەو
ڕۆحی تەنها خوداو دۆزەخ و تاریکی تێدا نییە..

ببینن..توێ توێی بزەکانی لێوم هەڵدەنەوە
چ برینی جەستەی مەسیح هەیە،چ دەلاقەی زەخمی بزمار هەیە.. لەوێدایە.

کازم قادر
11.01.2010